# پێشهـــــــــات

جەمال عوسمان
jamalgar@yahoo.com

نیگامان: بە دوای هەنگاوەکانمان دەڕوا...

هەستمان: لە بازنەی پووچیدا دەخولێتەوە...

زمانمان: لە زەمهەریری بێدەنگیدا. . دەبێتە بەستەڵەك!

کەس باکی بە سەوداسەریی ڕۆحی ئێمە نییە...!

هیچ نەما...هیچ! هاوڕێ...

نە شیعر پەنای شاعیر دەدا...

نە ڕەنگەکان...شێوەکار...

نە ئاوازەکان...گۆرانیبێژ...

وەرە، یەك یەك، تەرمی باڵندەکانمان هەڵگرینەوە!

وەرە، ببینە، وا ڕەنگەکانمان لەسەر شۆستەکان کرمێ دەبن!

وەرە، ببینە، وا یەك یەك، گۆرانییەکانمان هەڵدەوەرن!

سەیرکە! چۆن یەقین لە حەقیقەتیش نەماوە...

جوانی لە جوانی...

ئینسانییەت لە ئینسان...

مانای پیرۆز لە ژیان...

وەرە، یەك یەك، تەرمی وەرزەکانمان هەڵگرینەوە!

سەیرکە، چۆن شەو و ڕۆژمان لە دووبارەبوونەوەیاندا وەڕەزن!

سەیرکە، چۆن ئینسان_لە گەوجی خۆیدا_عەوداڵی جەنگێکی ترە!

عەوداڵی وێرانکردنێکی ترە!

"ماڵئاوا ئەی ڕۆژانی خۆشبەختی..."*

نیگامان: بەدوای هەنگاوەکانماندا دەڕوا...

هەستمان: لە بازنەی پووچیدا دەخولێتەوە...

زمانمان: لە زەمهەریری بێدەنگیدا بوتە بەستەڵەك...

---

*گورانییەکی"دیاری قەرەداغی"یە